# كاریگەریی كولتوور لەسەر پێشكەوتنی مرۆڤایەتی..!

بەشی دووەم

دارا مەحمود

كولتوور ڕیشەی گشت جیاوازییەكانە

ماكس فێبەر

## 2-.مەزهەب:

بە شێوەیەكی گشتی مەزهەب، كاریگەرییەكی نێگەتیڤانەی لەسەر پەرەسەندنەكان هەیە. و ڕێگری بەردەم پێشكەوتنی كۆمەڵگایەو بەشێكە لە نەریت. هەربۆیە كاتێك بەرگری لەخۆی لەبەرانبەر گۆڕانكارییەكاندا دەكات. بەو واتایەیە كە بەرگری لە نەریت دەكات. بەڵام ئاستی ئەو كاریگەرییە لە مەزهەبێكەوە بۆ مەزهەبێكی ترو لەكۆمەڵگایەكەوە بۆ كۆمەڵگایەكی تر و لە قۆناغێكی دیرۆكییەوە بۆ قۆناغێكی تر جیاوازی هەیەو تەنانەت دەكرێ مەزهەب لە قۆناغێكی دیاریكراودا و لە ئاستێك لە ئاستەكاندا ڕۆڵێكی پۆزەتیڤانەشی هەبێت. بۆ نموونە، بە بۆچوونی ماكس فێبەر، ئەوەی پەرەسەندنی ئابووری لە ڕۆژئاوا هێنایە كایەوە شۆڕشێكی مەزهەبی بوو. مەبەستیش پەیدابوونی مەزهەبی پرۆتستانە. ئەم بۆچوونەی ماكس فێبەر لەسەر ئاستی پراكتیك سەلملوەو هەبوونی هەیە: یەكەمین بلێسەی مۆدێرنیتە لە ئەوروپای پرۆتستان، وەك دیاریكردنیسش لە هۆڵەنداوە كلپەی سەند و ئەمڕۆش وڵاتانی ئەوروپای پرۆتستان (ئەسكەندینافیا، ئەڵمانیا، سویسرا، ئایسلەندا...) لە لوتكەی وڵاتانی مۆدێرن و دیموكرات و خاوەن ئابوورییەكی سەقامگیرو پەرەسەندودا دەژین.

بەشێوەیەكی گشتی مەزهەب، لە كۆمەڵگا دینامیكییەكاندا ئەو شتە پیرۆزە نییە كە ئیتر نەتوانرێ ڕەتبكرێتەوە. و لەمەش گرنگتر ئەوەیە كە مەزهەب ناسەپێت و بوارێكی گونجاو بۆ تاك دەهێڵرێتەوە تا هەڵبژێردرێت. بەڵام لە كۆمەڵگا نادینامیكییەكاندا بە پێچەوانەوە. هەمیشە یەك مەزهەب سەردەست و زاڵەو تەواوی مەزهەبەكانی تر بە یاسا یان لە دەرەوەی یاسا دەچەوسێنرێنەوەو لەناودەبرێن. و بەهەموو شێوازێكی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەسەر تاكدا دەسەپێت و بواری ڕەتكردنەوەو هەمواركردن لە ئارادا نییە.

ئەوەندەی پەیوەندی بە ئاینی ئیسلامەوە هەبێت كە ئاینی كۆمەڵگاكانی ئێمەیە، كاریگەرییە نێگەتیڤانەكەی لەهەموو بوارەكاندا ئاشكرایەو دەستێوەردانی ئایین بە وردترین لایەنەكانی ژیانەوە تا درشترینییان دیارە. ئاینی ئیسلام لە واقیعدا خاوەنی هیچ پرۆژەیەك نییە بۆ ژیانی كۆمەڵگاو كەچی وەك تاكە ئەلتەرناتیڤیش خۆی ێشكەش دەكات. لە سەر ئاستی ئابووری گەرچی بە ڕواڵەت ڕێگا لە بازرگانی و سەنعەت و تەكنەلۆژیا... ناگرێت. بەڵام ئەم كارە بە شێوازێكی نا ڕاستەو خۆ و لە گەوهەردا پەیڕەو دەكرێت. تەرخانكردنی كاتێكی زۆر بۆ عیبادەت و خواپەرستی لەسەر حسابی كارو كۆشش و بیركردنەوەو داهێنان، وهاندان بۆ خێروخێرات كە ئەگەر نەڵێین هەموو، ئەوە زۆربەی هەرە

زۆری جارەکان یان دەچێتە باخەڵی پیاوانی ئاینی و یانیش ئەو پرۆژانەی پێ دەکرێتەوە کە تەنیا بەپەرەسەندنی خودی ئاینەکە سنووردار دەبێت. لە ئاکامدا پەرەسەندنی ئابووری و خۆشکردنی ژیانی مرۆڤ ئامانج نییە بەڵکو ئامانج کڕینی بەهەشتە بۆخۆ.

لە کۆمەڵگایەکی نەریتیدا کە میکانیزمی پێشکەوتن، لە لایەن مەزهەبەوە دیاریی دەکرێت تەنیا بریتی دەبێت لە دوو چەمکی پاداشت و سزاو ئەوەی مرۆڤەکان هان دەدات بۆ چاکە کردن تەنیا هیوای پاداشی دوا ڕۆژدەبێت و چەمکەکانی باوەڕهێنان بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی و هەستی بەرپرسیارێتی لە بەرانبەر ویژدانی خۆدا کاڵ دەبنەوەو بە پێی پرێنسیپی هەزار گوناه و یەك تۆبە، مرۆڤە خاوەن باوەڕەکان لەپاڵ ئەوەدا کە لە عیبادەت و خواپەرستیدا توندڕەوی دەنوێنن لێشیان دەوەشێتەوە دزێوترین و ناشایسترین کارو تاوان ئەنجام بدەن و دڵیان بەوە خۆشە کە لە ئاکامدا بەتۆبەیەك دەبەخشرێن.

لە کۆمەڵگایەکی نەریتیدا کە مەزهەب لەوێدا حوکمفەرمایە کۆمەڵگا ئەو مێگەلەمەڕەیە لەوێدا ڕێبەرانی ئاینی و پارت و گروپ و نێوەندە مەزهەبییەکان وەپێش خۆیانی دەدەن و بەردەوام لەهەوڵی ڕکێفکردنی تاکەکانیدان بە جۆرێك کە کۆمەڵگا سەرتاپا بریتی بێت لەخەڵکانی گوێ بەفەرمان و ملکەچی ڕێبەرانی. شتێکی بەڵگە نەویستیشە کە کۆمەڵگای گوێ بەفەرمان بەواتای کۆمەڵگای دوور لەداهێنان و نوێکاریی. و نموونەکانیشی وا ئەمڕۆ بەچاوی خۆمان و لەدیرۆکی چەندسەدەی ڕابردووی کۆمەڵگا مەزهەبییەکاندا دەبینین.

لە کۆمەڵگایەکی نەریتی ومەزهەبیدا، گوناهی هەژاری و دواکەوتوویی و چارەڕەشییەکان بەئەستۆی ڕۆژگار، قەدەر، و شەیتاندا...دەدرێ و یانیش هۆکارەکانی دەگێڕنەوە بۆ ویستی خوا و چارەسەرییەکانیش لە دوعاو پاڕانەوەدا دەبینن. بەڵام لە کۆمەڵگایەکی دینامیکیدا بۆ لێکدانەوەی هەر گرفتێك و چارەسەرییەکانیشی پەنا بۆ عەقڵی مرۆڤ و تواناکانی دەبرێتەوە. ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی مرۆڤ لەتوانایدایە بەسەر گرفتەکانی ژیانی خۆیدا زاڵ بێت و ئەرکێکی سەرشانییەتی و بەشایستەییشەوە لە ئاستی ئەو ئەرك و بەرپرسیاریەتیەیدایە.

## 3- دوو چەمکی زەمان:

لەکولتوورە دینامیکییەکاندا جەخت لەسەر ئایندە دەکرێتەوە. بەڵام کولتوورە نەریتییەکان لەحاڵی ئێستا یان ڕابردوودا دەژین. هەر لە ڕێگای ئەم کولتوورەوە ڕۆژانە ڕابردوو بەبیردەهێنرێتەوە. ڕابردوویەك کە دەبێ تاك و کۆمەڵگا لەناویدا بژین و لێی دەرنەچن. شانازی بەڕابردووەوە دەکرێت و دڵ بەمە خۆش دەکرێت لە ڕابردوودا خاوەنی چی بوون. شازی بە باوك و باپیران، ئازایەتیەکانیان، شارستانی و قەوارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ڕابردووەوە دەکرێن. لە حاڵێکدا مێژوو بۆ ئەوە تۆمار ناکرێت تا مرۆڤەکان شانازی پێوەبکەن. بەڵکو بۆ ئەوەیە ڕابردوو، و ئەمڕۆو داهاتوو بەیەکەوە گرێ بدات. شانازی کردن و خۆ پێ هەڵنانەوە دارێك ناخاتە سەربەردێك. مرۆڤ لە دیرۆکی خۆی و غەیری خۆیەوە فێردەبێت چۆن داهاتووی بینا بکات و لە ڕابردووی خۆیەوە پەی بە داهاتووی دەبات.

گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ودڵخۆشکردن بە بیرەوەری شیرین و دیرۆکی زێڕین لە حالەتی تێشکانەکاندا ڕەواج پەیدا دەکات. وپەرەسەندنی دیاردەی خۆهەڵنانەوەو پەنابردن بۆ ڕابردوو نیشانەی فەشەلهێنانی

ئێستای تاك و كۆمەڵگایە. كارێكە بۆ شاردنەوەی تێشكان و شكەست و شاردنەوەیانە لە ژێر بریقەی شانازییەكان بە دیرۆكەوە. بە پێچەوانەشەوە ئایندەگەریی نیشانەی هەبوونی جیهانێكی ڕوو لە پێشكەوتنە. كە كاریگەریی لەسەر چارەنووسی مرۆڤ دەبێت.

## 4- پەیوەندی مرۆڤەكان:

شتێكی ئاشكرایە كە لە كۆمەڵگا نەریتییەكاندا پەیوەندی نێوان تاكەكانی مرۆڤ، ، خزم ، ناسیاو، دراوسێ...گەلێك لە هی كۆمەڵگا دینامیكییەكان بە هێزترەو ئیمەش زۆر جار وەك ئیمتیازێك بۆ كولتووری خۆمانی دەگێڕینەوەو هەر لەم ڕووەوە پێمانوایە هەستی خۆشەویستی، هاودەردی، میهرەبانی، و یارمەتیدانی یەكتر لەناو ئێمەدا بە هێزترە تاكو ڕۆژئاوا. بەڵام بەكەمێك لێ وردبوونەوە ناڕاستی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەردەكەوێت.و دەبینین لە ڕووی مرۆڤ دۆستیەوە نییە كە یەكتریمان خۆشدەوێت، بەڵكو لە ڕووی بەرژەوەندییەكی هاوبەشەوەیە و یانیش لە ڕووی ڕاهاتن و ملكەچكردنەوەیە بۆ كولتوور. مرۆڤە هەژارو نەدارەكان كەمتر لەلایەن كەس وكاریانەوە خۆشەویستن چونكە لە ڕووی مادییەوە شتێكیان نییە پێشكەشی بكەن و بەرژەوەندی پێ بگۆڕنەوە. بەڵام دەوڵەمەندەكان پتر پەیوەندی خۆشەویستی دادەمەزرێنن و قسەشیان پتر دەڕوات. لە كاتی داواكردنی دەستی یارمەتی و یان قەرز كردن ئەگەر بەرانبەرەكەمان لەتوانایدا نەبوو یان لە بەر هەر هۆیەك نەیویست، زیزبوون و دڵ ڕەنجان دروست دەبێت و پەیوەندی خۆشەویستی كەمتر دەبێتەوە. یان ڕەنگە زۆرجار هەر یەك لە ئێمە گوتبێتمان و بڵێین: یارمەتی فلان كەسم دا بەڵام بە هیچ نەچوو، یان بێ وەفا دەرچوو. و زۆربەی هەرە زۆری جارەكان پێمانوایە ئەو كەسەی چاكەیەكمان لەگەڵ كردووە، كڕیومانەو دەبێ هەمیشە ملكەچانە لە ژێر ڕكێفی ئێمەدا بمێنێتەوە.....و دەتوانین دەیان نموونەی لەم جۆرە بهێنینەوە. كەواتە لێرەدا پەیوەندییە مادیەكانن ئاست و ڕادەی خۆشەویستی دەستنیشان دەكەن. و ئێمە بێ بەرانبەر ئەم كارەمان نەكردووە. بەڵكو بۆ بەدەستخستنی شتێكە، كە، چی دەبێت با ببێت. تەنانەت زۆرجار لە هونەرمەندێك، نووسەرێك، سیاسەتمەدارێك ...دەبیسین دەڵێ: من ژیانم بۆ گەلەكەم تەرخانكردووەو چاوەڕوانم گەل پاداشتم بداتەوە. و بەردەوامیش گیرفانەكانی خۆی كردۆتەوە تا دەسەڵاتی سیاسی بۆی پڕ لە پارە بكات. لەحاڵێكدا مرۆڤەكان بەر لەهەرشت كاروچالاكی بۆ ناوو ناوشیان، یان دەستكەوتێكی مادی یان مەعنەوی خۆیان دەكەن. وەها چاوەڕوانییەك كارێكی نابەجێ و بێواتایە. تۆ كەكارێكی خۆبەخشانەت كردووەو بە ئارەزووی خۆت هەڵتبژاردووە چما مامەڵەو بازاڕیی پێوەدەكەی..؟

هەروا ڕواڵەتبینی و سەرزارەكیی سیمای ڕەفتارەكانمانە. لەمڕووەوە دەبینین زۆربەی پێكەنینەكانمان بەڕووی یەكترەوە، ستایش كردنمان، بانگهێشتنی یەكترو نانخواردنمان پێكەوە، ساختەو سەرزارەكیەو بەردەوام لە بەرانبەر یەكتر لە نواندنداین. بە واتایەكی تر ئێمە بەرتیل دەدەین تا خۆشەویستی یەكتر، پلەو پایەی كۆمەڵایەتی و سیاسی، ناووناوبانگ، دەسكەوتی مادی... بەدەست بخەین.

مامۆستایەكی پێشووی زانستگای ژنێڤ بەناوی E.Micheau كە سەردانی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی كردووەو یەك لەو وڵاتانەی سەردانی كردووەو توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجامداوە ئێرانە و

دەڵێت: (ئێرانیەکان ناتوانن هیچ کولتوورێك پەسەند بکەن کە بە کولتووری خۆیان بێگانە بێت. و ئێرانی هەمیشە پارێزگاری کەسایەتیەکی تایبەت بەخۆی دەکات و ئەم کەسایەتییە بریتییە لە جۆرێك نەرمی و وەرچەرخان پەسەند، کە دەتوانێ خۆی بەهەر جۆرێك نیشان بدات. و بۆ ڕۆژئاواییەك کە بە سەراحەت و دیاریکردنی ڕاشکاوانەی باش و خراپ ڕاهاتووە دەبێتە مایەی بێزاری. و ئەوەی لەمڕووەوە ئێمە هەراسان دەکات ئەمەیە کە هیچ کات ناتوانین تێبگەین ئێرانیەك لەسەر چ باوەڕێکەو دەربارەی شتەکان چۆن بیردەکاتەوە و تەنانەت ئەگەر بیست ساڵیش تێکەڵاویمان لەگەڵیدا هەبێت ناوەڕۆکی ئەو هەمیشە بۆ ئێمە شاراوە دەمێنێتەوە).7

ئەم نموونەیەی سەرەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵات بەگشتی و لە کۆمەڵگای خۆشماندا ڕەواجی هەیە. مرۆڤی ڕۆژئاوایی کەمتر دەتوانێ مەرایی بکات و چاکە لەگەڵ خزم و کەس و کاری خۆیدا ، هەر تەنیا لەبەر ئەوەی خزم و ناسیاوە بکات. بەڵام ئامادەیە پارووی دەمی خۆی پێشکەشی برسیەکی نەناسراوی دوورە وڵات بکات. ڕووداوو کارەساتە جیهانییەکانی وەك بوومەلەرزەو لافاو کە ساڵانە ڕوودودەن و ئاست و جۆری ئەو یارمەتیانەی لە دەرەوە بە قوربانیان گەیشتووە سەرنج ڕاکێش و لە هەمان کاتدا جێگای سەرسامییە. زۆربەی قوربانییەکانی ڕووداوی تسونامی، و هەروا بوومەلەرزەکەی 2005ی پاکستان موسوڵمان بوون. کەچی ئەو یارمەتیانەی لە خەڵکی وڵاتانی نا موسوڵمانەوە بە قوربانیانی ئەو ناوچانە گەیشت چەندان جار لەهی خودی موسوڵمانان بە دەوڵەتەکانیشەوە زۆرتر بوو. حسابە بانکیەکانی یارمەتیدانی برسی و نەخۆش و پەککەوتەو ئاژەڵ و هیتر کە خۆبەخشانەو بەردەوام لەلایەن خەڵکی وڵاتانی ڕۆژئاواوە پارەی دەخرێتە سەر بەڵگەی ڕاستی ئەم بۆچوونەیە کە مرۆڤی ڕۆژئاوایی ڕاستگۆیانەترو وەك وەڵامدانەوەیەکی ویژدان و هەستی مرۆڤدۆستانەی خۆی یارمەتی پێشکەش دەکات نەك وەك ملکەچکردنێك بۆ کولتوور یان خۆپاراستن لەو شتەی ئێمە پێی دەڵێین عەیبەو یانیش خێر بۆ ڕازی کردنی خوا. ئەمە بەو واتایە نییە کە ئیتر خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی بێ بەرانبەر لەبناغەوە لە کولتوورە نەریتییەکاندا لە ئارادانییە. بێگومان لە ئارادایە. بەڵام کەم ڕەواج و کەم لایەنگرە. خۆشەویستی مرۆڤەکان کاتێك بەدیار دەکەوێت کە لە پێناوی یەکتردا قوربانی بدەن. قوربانی دانێکی بێ بەرانبەرو لە ڕووی باوەڕەوە نەك وەك ئەرکێکی کۆمەڵایەتی. کاتێك بە ئوتۆمبیلەکەت مرۆڤێك دەکەی بە ژێرەوە ئاستی مرۆڤدۆستی لێرەدا بە دیار دەکەوێت کە قوربانیەکەت بە جێ نەهێڵێ و بێ ئەوەی بیر لەوە بکەیتەوە کە پاشان سزادەدرێیت، بیگەیەنیە نەخۆشخانە.

هەر لەم دیدەوەیەو لە ژێرکاریگەریی ئەو فاکتەرانەدایە کە پەیوەندییەکی ڕەخنەگرانە لەنێو تاك و نێوەندەکانی کۆمەڵگا نەریتییەکاندا لە ئارادانییە. مرۆڤەکان هەمیشە چاوەڕوانی ستایشن و چیکڵدانەی ڕەخنە یەکجار بچوکە. ڕەخنە لێگیراو لەبەرانبەر هەر ڕەخنەیەکدا هەست بە ئیهانە دەکات وکاردانەوەیەکی ئیهانە ئامێزیش ئاراستەی ڕەخنەگر دەکاتەوە. هەر لەبەر ڕێگرتن لەم ڕووبەڕووبوونەوەیە، گەرچی ئەندامانی کۆمەڵگا نەریتییەکان لە دڵەوە زۆر سەرنجی نیگەتیف و پۆزەتیفیان لەسەر یەکتر هەیە بەڵام زۆربەی جارەکان پۆزەتیفەکان دەدرکێنن و نێگەتیفەکانیش دەشارنەوە. لەبەر ئەوەش کە بنەمای بیرکرنەوەو سەرنج و هەڵسەنگاندنەکان لەسەر ڕەها دامەزراوە

چاوەڕوانییەکی ئەفسانەیی لەیەکتر دەبێت. و کاتێکش ناتوانرێ لە ئاستی ئەم چاوەڕوانییەدابن لێکدابڕان و دڵڕەنجان پەیدا دەبێت. و ئەم تەرزی بیرکردنەوەو شێوازی مامەڵەکردنە چ لەسەر ئاستی پەیوەندی تاکەکان و هەروا لەسەر ئاستی بەرزتر بە چالاکییە سیاسی و ئەدەبی و هونەریەکانیشەوە ئاشکرا دیارەو ڕەواجی هەیە. و من پێموایە لەژێر کاریگەریی ئەم فاکتەرەدایە کە ڕەخنە بە هەموو شێوازەکانی لە کۆمەڵگای ئێمەدا لاوازەو لەبەر ئەوەش کە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو مامەڵەی ڕەخنەگرانە بەشێوازێکی قوڵ لە ئارادا نییە، ئاستی گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانیش سست و لەسەرەخۆن.

لافرۆف لەخۆڕا نەیگوتووە: (پێشکەوتنی مرۆڤایەتی تەنیا لەئەنجامی هەبوونی کۆمەڵە کەسێکەوە دەبێت کە بەشێوازی ڕەخنەگرانە بیردەکەنەوە)8

## 5- ڕۆڵی عاتیفە:

عاتیفە ئەو لایەنە کاریگەرەیە کە هەمیشە لە دەروونی مرۆڤەکاندا لە هەمبەر لۆژیك و واقیع لە ململانێدایەو زۆربەی جاران ڕۆڵی ئەو شەیتانە دەگێڕێت کە دەخوازێ مرۆڤەکان بە هەڵەو لاڕێدا بەرێت. ئەمەش بەر لەوەی بێینە سەر کاریگەریی عاتیفە لە سەر کولتورو ڕەفتاری مرۆڤ بە گشتی دەبێ بڵێین کە کاریگەریی عاتیفە، مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی، مرۆڤی ڕەش و سپی ناناسێت و ئەوەی کە جیایان دەکاتەوە ئاستی ئەم کاریگەریانەو چۆنیەتی بەدەنگەوە هاتنی ئەم عاتیفانەو سەرئەنجامیش هەلومەرجە بابەتیەکانە. کە دیارە ئەمەی دواییان بە لای منەوە گرنگترینیانە.

هزری مرۆڤ و کاریگەریی لەسەر ڕەفتارو کرداری بە سروشتی خۆی خاوەنی دوو خەسڵەتی عەقلانی و نا عەقلانییە. و پارسەنگی هەریەك لەم دوو خەسڵەتە و کاریگەرییەکەی ملکەچی هەلومەرج و پەروەردەو ئەزموون و گەلێك شتی تری مرۆڤە. و بەشێك لە جیهانی هەر مرۆڤێك و یانیش کۆمەڵگایەك دەکەوێتە خانەی عەقلانییەتەوەو بەشەکەی تریش ناعەقلانییەت. و عاتیفە بەشێکە لە جیهانی نا عەقلانییەت.

کاریگەریی عاتیفەو زاڵبوونی بەسەر لۆژیك و عەقڵدا یەکێکە لە سیما هەرە دیارەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگای نەریتی. بە جۆرێك کە بۆتە یەکێك لە خەسڵەتە گرنگەکانی کولتورو شێوازی ژیان و بیرکرنەوەی و چارەسەری گرفتەکانی.

لە شەڕو ئاشتیدا، ڕەفتاری ڕۆژانەو شێوازی پەیوەندییەکان، هەڵسەنگاندنە سیاسی و ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتیەکان، شیکرنەوەکان، پەسەندکردن و ڕەتکردنەوەی شتەکان، واتادانان و لێکدانەوەی چەمکەکانی وەك : ئازایەتی، پیاوەتی، میوانداریی، خزمدۆستی، تۆڵەسەندنەوە، خۆشەویستی، باوك و دایکایەتی ،هاوسەرییێتی...بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمایەکی عاتیفی دادەمەزرێن و لە ئاکامدا سەرتاپای تێگەیشتنەکانمان ڕووکەش دەبن و توانای چوونە ناو ناخی شتەکانیان نلبێت.

ئەم حاڵەتە، واتا حاڵەتی دەستهەڵگرتن بە ڕووکەش سیمای کولتوری ڕۆژهەڵاتی و کۆمەڵگا نەریتییەکانەو سەرتاپای ژیان و کۆمەڵگاو تاك، دەوڵەت و یاسای لەسەر دامەزراوە. لەبەر ئەوەش کە

زۆربەی جاران دەکەوینە ژێر کاریگەریی عاتیفەوە، لەسەرکەوتنەکاندا زوو لەخۆ بایی دەبین و لە تێشکانەکانیشدا بێهیواییمان پێوە دیارە.

-ماویەتی-


**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

1-لارنس هریسون- ساموئل هانتینگتون- اهمیت فرهنگ. ترجمه انجمن توسعه مدیریت ایران. موسسه انتشارات امیرکبیر- تهران1383 ل27

2- دکتر منوچهری محسنی- جامعەشناسی عمومی. انتشارات طهوری چاپ هجدهم تهران-1382 ل206-207.

3- هەمان سەرچاوە. هەمان لاپەڕە.

4- لارنس هریسون- ساموئل هانتینگتون. سەرچاوەی پێشوو. ل123

5- هەمان سەرچاوە ل499

6- دکتر محمد حسین فرجاد- اصول و مبانی جامعه شناسی انتشارات اساطیر. تهران- 1372 ل69-72.

7- دکتر منوچهر محسنی. سەرچاوەی پێشوو ل211

8- دکتر حسین بشیریە- جامعەشناسی سیاسی. نقش نیروهای اجتماعی در زندگی سیاسی. نشرنیز چاپ ششم 1379- تهران ل253